# بەیانی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە

## بە بۆنەی سەرکەوتنی شکۆداری مانگرتنی گشتی 16ی گەلاوێژ لە کوردستان

16ی گەلاوێژ بە مانگرتنی گشتی، یەکدەنگ و شکۆداری خەڵکی ئازادیخواز چووە ناو مێژووی بزووتنەوەی شورشگێڕانەی کوردستان. خەڵکی شورشگێڕی کوردستان دوای مانگێك لە بەرەورووبوونەوە لە گەڵ وەحشیگەری هێزەکانی سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامی، لە ڕۆژی 16ی گەلاوێژدا بە مانگرتنێکی گشتی، هاوئاهەنگ و ڕێکخراو کە هەموو شارەکانی کوردستانی گرتەوە، هێزی یەکێتی و هاوپشتی خۆی لە بەرانبەر ڕژیمی کۆماری ئیسلامی دا هێنایە سەر شانۆ. خەڵکی کوردستان بەم مانگرتنە گشتیە خەباتی ئەم یەك مانگەی دوایی خۆی لە شارەکان بە زنجیرێکی قایم پێکەوە گرێدا و جێگای بە کۆماری ئیسلامی لە کوردستان تەنگ تر کرد. خەڵکی کوردستانی شورشگێر بەم هەنگاوە بێ وێنە و شکۆدارەی خۆیان ئاستێکی باڵایان لە فەرهەنگی خەباتی پێشرەوانە، ڕێکخراو و وشیارانە لە خۆیان نیشان دا و بەم سەرکەوتنە قۆناغێکیان لە خەباتی خۆیان دژی کۆماری ئیسلامی نایە پشت سەر و پێیان نایە قۆناغێکی نوێ وە. قۆناغێك کە تێیدا توخمی وشیاری سیاسی، ڕێکخراو بوون و کارزانی لە خەباتی جەماوەردا دەوری دیاریکەرتر دەبینێ.

خەڵکی کوردستان بە ڕەچاو کردنی دەرس و ئەزموونەکانی ئەم حەرەکەتە مێژوویە، ئەوجار لە خەباتێکدا کە دەستیان داوەتێ گیرۆدەی کردەوەی خۆرسکی و گرتنەبەری شێوە و تاکتێکی سەپێندراو لە لایەن هێزەکانی دوژمنەوە نابن، بەڵکو لە هەر هەنگاوێك لە خەباتی خۆیان دا هاوسەنگی واقعی نێوان هێزی خۆ و دوژمن هەڵدەسەنگێنێ و بە پێی ئەو ئامانجەی کە دیاریان کردووە و بە پێی هەل و مەرجی سیاسی و بارودۆخێك کە خەباتی تێیدا دەکەن شێوازی گونجاو هەڵدەبژێرن و لە هەر هەنگاوێك دا دەسکەوتەکانی خۆیان سەقامگیر دەکەن و سەنگەرەکانیان بەرەو پێش دەگوازنەوە و بەم جۆرە ئازایەتی و بوێریەك کە بە هێزی جەماوەریی خۆیان دەستەبەریان کردووە تێکەڵ بە لێزانی و وشیاری دەکەن و بە کەمترین زیان ڕێگای خۆیان بەرەو سەرکەوتن خۆش دەکەن. خەڵکی کوردستان لەم هەڵمەتەدا جگە لەوەی کە گەنجینەیەك دەرس و ئەزموونی ڕابردوویان لە ڕێکخستنی بزووتنەوەی جەماوەری لە بەر دەست دایە، ئێستا و لەم قۆناغەش دا پشت ئەستوورن

به سەرمایەیەکی ئینسانی لە تێکۆشەرانی پێشڕەو و جێگای متمانە کە لە ناخی بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی کوردستان دا خەملیون.

بزووتنەوەی کرێکاری بۆ گەیشتن بە داخوازیەکانی خۆی، بزووتنەوەی ژنان لە خەبات بۆ کۆتایی هێنان بە ژێر دەستەیی ژن لە کۆمەڵگادا، بزووتنەوەی لاوان لە خەبات بۆ ئازادی و کۆتایی هێنان بە بێ مافی تاکە کەسی و کۆمەلایەتی، بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان لە خەباتی دژ بە ستەمی نەتەوایەتی، رێبەران و گەلێك سیمای پێشڕەو و شورشگێری هێناوەتە روو کە هاوئاهەنگی نێوان ئەوان دەتوانێت خەباتی ئێستای خەڵکی کوردستان هەنگاو بە هەنگاو بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی بەرەو پێش بەرێ و سەرئەنجام سەرکەوتنی بزووتنەوەی شورشگێرانەی کوردستان زەمانەت بکات.

ئەم حەرەکەتە بە روونی نیشانی دا کە خەڵکی کوردستان رێگای سەرکەوتنی خۆی دەناسێ و ناچێتە ژێر کاریگەری بەڵێنیەکانی پۆچ و بێ ناوەروکی ئەو جەریانانەی کە خەڵکی کوردستان بە دەست تێوەردانی زلهێزە دەرەکیەکان دڵ خۆش دەکەن و لە چاوەروانی دا رایان دەگرن. ئەم خەڵکە ئاسوی رزگاری خۆیان بە هێزی وشیار و رێکخراو و بە خەباتی راستەوخۆی خۆی کە تەنیا زامنی باوەڕ پێکراوی سەرکەوتنە پشت ئەستوور دەکەن.

پەیامی ئەم مانگرتنە گشتیە بۆ خەڵکی شورشگێر لە سەرتاسەری ئێرانیش روون و هیوابەخشە. خەباتی ئەم قۆناغەی خەڵکی کوردستان بۆ بزووتنەوەی ئازادیخوازانە و رزگاری بەخشی خەڵکی ئێران ئیلهام بەخش دەبێ و، دوور نیە ئەو رۆژەی کە سەرجەم خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و ستەم لێکراو لە سەرتاسەری ئێران دەست لە ناو دەستی یەك، لە ریزی لێکهەڵپێکراودا بێنە خروش و سێبەری نگریسی ئەم رژیمە لەسەر خۆیان بڕەوێنەوە و داهاتووی رووناکی خۆیان بە دەستی خۆیان بینا بکەن.

سلاوی بێ پایان لە خەڵکی قارەمانی کوردستان کە سەرەرای کارشکێنی و کۆسپ نانەوەی دۆستانی درۆینەی خەڵك لە رۆژی 16ی گەلاوێژدا وەلامی شیاویان بە بانگەوازەکەی کۆمەڵە داوە و لاپەرەیەکی زێرینی دیکەیان بە مێژووی پڕ لە شانازی خەباتی خۆیان زیاد کرد. ئەم سەرکەوتنە لە ئەوان و لە هەموو خەباتکارانی شورشگێر کە بە لەخۆبردووی و کارزانی و بە هەوڵی شەو و رۆژی خۆیان ئەو حەرەکەتە مەزنەیان رێکخست، پیرۆز بێت. بەو هیوایەی کە سەرکەوتنی شکۆداری رۆژی 16ی گەلاوێژ سەرەتایەك بێ بۆ بەرەو پێش چوونی زیاتر و سەرکەوتنی شکۆدارتر.

**کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە**

17ی گەلاوێژی 1384ی هەتاوی ( 2005/08/08 )